گفتوگۆیەکی شانۆیی لەگەڵ نیهاد جامی.. بەشی چوارەم

..4

-کاتێک باسی تازەگەری دەکرێت، زۆرجار قسە لەبارەی شانۆنامەکانی سامۆئیل بیکیت دەکرێت، بۆتایبەت شانۆنامەی لەچاوەڕوانی گۆدۆ، شانۆی ئەزموونگەری کوردیش گەڕاوەتەوە بۆ ئەو شانۆنامەیە, لەم سالانەی دوایش کتێبێکی کوردیش کە توێژینەوەی شانۆیی بوو لەبارەی بیکیت بەناو کرایەوە، بۆ ئەوەی بچینە ناو بابەتەکە، با بەم شێوەیە بپرسین: بیکیت پەیوەندی بە شانۆی ئەزموونگەری هەیە؟ ئەو دراماتۆرگ بوو نێک دەرهێنەر؟ ئایا شانۆی ئەزموونگەری دەتوانێت لە شانۆنامەوە لێدابکرێت؟

-با هیچ دەربەکت لەگەڵ نەکەم، بەهیچ جۆرێک ئارەزووم لەو پرسیارە نیە، لەبەر چەندن هۆکار، هەموشیان لەخاکدا کورت دەکەمەوە، دەنجاندنی هەموو ئەو دەستانەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا، ئامادەییم تیا نیە لەهیچ جۆرە پرسیارێکیش ڕابکەم و خەم بەدزمەوە، بەیە سەرتا با ئەو پرسیارە لەخەمان بکەین، ئایا ئەو دەرهێنەرانەی شانۆی ئەزموونگەری عێراقی و کوردیی لەسەری وەستان خەیان باسیان لە شانۆی ئەزموونگەری کرد؟ ئایا ئارتە و گرۆتۆفسکی وتارێکیان لەو بارەیەوە هەیە؟ چونکە ئەوان بە خەیان بەدوای جگرەوەی شانۆی باو دەگەڕان، گرۆتۆفسکی دەیویست توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی بە پرۆسەی ئامادەکردنەوەی ئەکتەر بخولقێنێت، بەیە کارەکەی زیاتر وابەستەی زانستی مرۆناسیانەوە بوو، ئارتە خەونی بە شانۆیەکی سوریالیەوە دەبینی، شانۆیەک هاوشێوەی دنیای شیعریەکەی ئەندریە بریتۆن و تابلۆکانی سلڤادۆر دالی بن، بەڵام برۆخت ڕاستەوخۆ وتاری نووسی لەبارەی شانۆی ئەزموونگەری، کاتێک باس لەئەزموونگەری دەکرێت لەشانۆی مایەر هۆڵد، وابەستەی دنیای ئەزموونکاریانەی ڕاستەوخۆی بوو، بەڵام شانۆی ئەزموونگەری کوردیی کە لەمندالدانی شانۆی ئەزموونگەری عێراقیەوە هاتۆتە بوون، برۆخت و مایەر هۆڵد بە ئەزموونکار نازانن، بەڵام وەک ئەوە دەڵێن ئاخۆ ئەزموونگەری دەتوانێت لەناو شانۆنامە لێدابکرێت؟**

ڕاستیەکەی تەنیا لەناو شانۆنامە دەخولقێت، بەڵکو ئەو دراماتۆرگە توانی ئەو شانۆیە بخولقێنێت، لەبنەڕەتدا بەناوی پێشڕەو خەی ناساند، دیارترین نمونەی ئەزموونکاریش ئەو دیدە دژە

ئەرستەییەی برەخت و بیکیت، ئەو دوانە بە پیتەر بروک پایەی شانۆکەی بنیاتناوەو خۆشی دانبەوە دانەت، برەخت دەتوانەت ئەزموونکار بەت و دیدی لەژیکی ئەستەیی بگەەت بە لابردنی دیواری چوارەم و شانۆکەی بە دیدی فەلسەفی مارکس و ماتریالیزمی دیالەکتیکەوە بەستەوە، شانۆکەی رووبەرووی دیدکی جوانیناسانەی نوێی شانۆیی کرد، بەەام شانۆی ئەزموونگەری لای خەمان ناتوانەت برەخت وەک ئەزموونگەر ببینەت و لەناو فەلسەفەی مارکسیزمدا کورتی دەکاتەوە، جا با ئەوەش نەشارینەوە، گروپە کەمانیستەکانیش نموونەیکی خراپیان لەیادکانیان بەم شانۆیە بەخشی، لەئاهەنگی یەکی ئایارو یادی شوراکاندا دەهاتن شانۆنامەیکی فەرکاری برەختیان دەهێناو وەک دروشم دەیانخستە ڕوو، هەموو ئەو دیدە جوانیناسی و لەژیکی و فەلسەفییەی شانۆکەیان لەناو فەەمی ئایدیای کەمانیزمی نیشان دەدا، بەەام شانۆی ئەزموونگەری کوردیی دیارە لەدەرهێنانی کاک شەماڵ عومەر شانۆگەری «لەچاوەروانی گۆدۆ» ی خستەتە سەر شانۆ، لەم ماوەیەدا بیستم گوایە کاک دانا ڕئووف وتوێەتی بە قسەکردن لەسەر شانۆی ئەزموونگەری کوردیی تەنیا دەبەت بگەەنەوە بە کتێبەکەی من، منیش لەڕەدا لەوەەامی ئەو پرسیارە پشت بەکتێبەکەی بەەزیان دەبەستم، چونکە ڕاست دەکات کتێبەکەی بەرزیان دەکەمەنتەکی گرنگی کارەکانی خەیانە، ئەگەرچی کتێبەکە بە خۆی پێویستی بەوێە لەسەری بووەستین، چونکە نە توێژینەوێە و نە ڕەخنەی شانۆیی، بەکو زیاتر وەسفەکی پێخشانێە، وا دەکات ئەزموونگەری سنورەکی فراوانی هەبەت لەشانۆی کوردیدا لەمستەفا قەسیم و فازل جافەوە تا خۆی و شەماڵ و گەزیزەو ئەوانیتر، بەەام بەەاستی دەستەواژە پێخشانێەکانی نابن بە دیدی ڕەخنەیی، ستایشکانی بە پردی ئارتای فازل جاف بەهەمان شێوە زیاتر وەنێەکی ستایشکاریانەی نمایشکە، هەروەها باس لەشانۆگەری چیرەکی باخچەی ئاژەلان دەکات بە کارەکی ئەزموونگەری و یەکەم ئەزموونی شانۆی ژووری دادەنەت لەمەژووی شانۆی کوردیدا، بە من تووشی سەرسوەمان دەبم کاتێک کەسێک لەبارەی نمایشکی شانۆیی دەنووسەت کە خۆی دەرهێنەریەتی، سەرباری ئەوەی پێشتر وتمان شانۆی ئەزموونگەری کوردیی وا تێگەیشتبوو شانۆی ژوور دەبەت لەژوور نمایش بکرەت، نەک مەبەست لەشانۆی بچووک بەت، دوای نیو سەدە هێشتا ئامادە نین دانبەو هەلەو خۆشانە بنێن، بەداخەوە شانۆکارانی ئەو قۆناغە نێانتوانی و ناشتوانن بوەر بن و باس لەهەەکانیان بکەن، قسەکەمان لەسەر بیکتە، لەو ڕۆژگارە بەپێی ئەو کتێبە کە دێخوێنینەوە کاک شەماڵ ئەو کارەی خستەتە سەر شانۆ، با وەنێەکی پانڕامایی ببەخشین، تاوەکو ڕەخنە ئاراستەی ئەو وەنێە بکەین،

دوو ژن بە جل و بەرگی سپیەوە لەپانتایی‌یەکی بەش بە مەم و قوماش چاوەروانی گەدە دەکەن، نمایشکە ووشەی رەژی سە یەمی بە زیاد کراوە، بوزە و لکی و منالەکە نەماون تا ئەرە فەمی نمایشکەیە، هەلبەت زیادکردنی ناونیشان ئەو دەزینەوە گرنگی نوسەری کتێبەکە نیە کەوابزانێت شەماە زەمەنکی تری بە بیکیت و چاوەروانیەکی زیاد کردووە، بەکو گومانکردنە لە ئەزموونگەری خەی، ئەمە کاک شەماە باش دەزانێت ئەو دەقەکی بیکیتی لە شانانامەیەکەوە گەیووە بە دیدەکی پەرفەمانسی نەوک بە شانیەکی ئەزموونگەری، دەنا سە کارەکتەر وون دەبن، ئەوە بە شانانامەکی بیکیتە؟ کەواتە شانی ئەزموونگەری کوردی شانی کوردەوە بە چەند دیالەگ و داشتنەوی پانتایی شانە لەەی ئەو موفردانی بە شانی وەنەیی عەراقی گرنگ بوون، کاتێک ئەو هەموو ستایشی شانکارانی عەراقی لە ئەرشیفی رەژنامەکانی هاوکاری و پاشکەی عەراق دەخوەنینەوە، لەوە تێدەگەین، شانی ئەزموونگەری کوردیی ئاشت کردنەوی شانی کوردیە لەگەە شانی عەراقیدا، شانی وەنەیی کەنترەکردنی نمایشە بە بیانوی فەمی باەا، هەستی کوردبوون دەبردرێتە پەراوەزو پەویستە کارەکتەرکان بجولەنەوە قوماشی سپی و مەمیان لەگەە بێت، نەمانی وەنەی مالی کوردیی لەناو نمایشکاندا بەرزبونەوی شانی ئەزموونگەری کوردیی نیە بەلکو تەسلیمبونی گوتاری شانی کوردیی ئەو رەژگاریە، بە ناو شانی عەراقی، ئەوە بەهیچ جەرەک، سینەوی مەژووی ئەو شانیە نیە، هەندی لەنبونی ئاراستەی ەەخنەیی بە ەابردوو، پەویستە پەردە لەسەر بەشکی تەگەیشتنکان هەەبدرێنەوە، بەداخەوە ئەوان خەیان تا ئەستاش توانای ئەویان نیە قسە لەو ساتەوەخت و ئاراستەکانی بکەن.

-قسەیەکت سەرنجی ەاکەشام، ئاماژەتان بە ئەوە کرد کەوا پیتەر بروک پایەی شانکەی لەسەر برەخت وبیکیت بنیاتناوە، ئایا ئەوە مانای وایە ئەو ئەزمونکارە؟

- خەی ەەنگە ئەو پرسیارە بمباتە سەر تەواوکردنی قسەکانم، من ئاماژەیەکی خەرام کرد، بەیە لەرەدا کەمێک دەوەستم، ئەوە ئاماژەی من نیە، ئەو بە خەی باس لەوە دەکات، پایەی شانکەی لەسەر بیکیت و برەخت بنیاتنراوە، بەەام ئەوە کورتکردنەوی شانی ئەو نیە بە ئەو دووانە، هەندی ئاماژەیەکی ەوونە کە پیتەر بروک ئەزمونکارو لەرەحی ئەزموونکاری تەگەیشتووو دەگەەتەوە بە ئەو دوانە، بەەام ئاخە ئەوە بەو مانایە چاوپەشی لەهەندێک شت بکەین؟ زەرجار دەبیستین و

دەخوێنینەوە، هەبەت تەنیا لەناو نووسینی کوردی وەربیدا گوایە بروک تیریستەکی شانییە، ئەوانەی ئەو دەستواژەیە دەنووسن، بەدنیایی لەتیژر تەنگیشتوون و ناتوانن تیژرو یادداشتی پڕۆژە لەیەکتر جیا بکەنەوە، با بیرمان نەچێت شانە هونەرەکی سادە نیە، سادەبوون قۆناغێکی بوونە لەشانەدا، شکسپیر و ئیبسن و چێخۆف شانیان وا نووسیوەتەوە، نابێت یاری پێبکەیت، هەنگە بپرسیت ئەی بە باس لەوە دەکرێت بروک دیمەنی کۆتایی هاملێت دەنێتە سەرتا؟ دەی منیش دەپرسم بە وا دەکات؟ چونکە دیاردەیت لە دیدی ئەزموونکاتری بڕەخت سەیری بابەتەکە بکات، بە ئەوەی لەقسەکانمان دوور نەکەوینەوە، دەماوەت بەم بروک تیریستەکی شانیی نیە، تەواوی کتێبەکانی بریتین لەتێگەیشتن و نووسینەوەی نهێنی شانیی خەی نەک نهێنی نمایشی شانیی، ئەو یادداشتی پڕۆژەکانی خەی دەکات و لەو هوانگیاوە قسیان لەبارەوە دەکات، ئەوە تیژر نیە، هێندەی نووسینەوەی پڕۆژەو خوێندنەوەی هووبارەکانی بیرکردنەوەی شانیی خەیەتی، بەتام مەرج نیە دەرئەنجامەکان بە هیچ دەرهێنانێک راست بێت، بە من مایەی پێکەنینە کەسێک بیەوێت هەڵەی دەرهێنانی خەی ناوبارێت بە پانتایی بشی بروک، بەیە دەبێت ناچار بین لەیت تێبگەین، بینەر پێویستی بەوە نیە بزانێت پانتایی بشە، گرنگ ئەو پانتاییە دەتوانێت هووبارەکی هوون بە دیدی بینین ببەخشێت؟ ئایا شانەنامەکە بە خەی وێنەیەکی درامی هوونی هەیە؟ هەبەت بە توژژرانی شانە کتێبەکانی بروک بە خوێندنەوە و ناسینی دەرهێنانێک و ئەزموونکەی گرنگە، بەتام مەرج نیە گریمانەی بە ناو شانەی کوردیی بکەین.

زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا.. فەرێدوون سامان

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی سوریا، مەگەر بە ماوەیەکی کەم تەبێت لەسەردەمی ئینتدابی

فرەنسیەکان دەرفەتێک بە کوردانی دانیشتووی شام ەخسا، لە بواری زمان و کەلتوور و چاپەمەنیدا چالاک بن، لەوانەش وشاندنی گۆڤاری هاوار(١٩٣٢)، ئەگینا هیچ ئاماژەیەکی دەستووری و یاسایی لەو وڵاتەدا بە زمان و کەلتووری کوردیدا نەکراوە، ەاستە وەک کەماری تورکیا بە ەەسمی زمانی کوردی قەدەغە نەکرابوو، بەڵام لەکایەکانی پەروەردەو فێرکردن و فەزا گشتییەکانی فەرمانگە حکوومییەکان، تەنانەت لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەشدا لەلایەن دیمەشقەوە زۆر بەتوندی دژایەتی زمان و ناسنامەی کوردی کرا، لەو سەنگەیەشدا هاووڵاتییانی کورد دووچاری زیندان و ەاوەدوونان و ئازاریی تەنانەت کوشتنیش هاتوون.

دوای سەرهەدانی ەەژاوای کوردستان و دواتر دامەزراندنی کانتۆنەکان و دەسەڵاتی خۆسەری لەو هەرەمەدا، بزاڤێکی کەلتووری و زمانەوانییان بە فەراهەم بوو و ئاستی خوێندنی کوردی لە سێکتەری پەروەردەو فێرکردندا گەیشتە قۆناغەکانی زانکۆ(زانکۆی ەەژاوا لە کۆبانێ بە نموونە)، بەڵام کاتێک زمانی کوردی لەلایەن حکومەتەکەی شەرعەوە بە فەرمانی ەەسمی دەخرێتە ناو قوتابخانەکانی ەەژاواوە، ئەمە تەنیا باسی قۆناغێکی جیاواز دەکەین، باس لە لاپەڕەیەکی نوێ دەکەین لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سوریا و شوناس و کولتوور و زمانی نەتەوەیەک کە لە مێژە تووشی پەراوێزخستن بووە.

وەزارەتی پەروەردەی سوریا ەەنمایی جیاجیکاری سەبارەت بە فێرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکاندا دەرکرد. ئەم بڕیارە شایەنی ئەوەیە بە هەمنی و بە زیادەەەوی و کاردانەوەی سەزداری و لە چاویلکەیەکی سیاسی و یاساییەوە بخوێنرێتەوە و لەبەرچاو بگیرێت، تا بزانین چی بەدەست هاتووە و چی دەبێت لە داهاتوودا بەدەست بهێنرێت. لە ەاستیدا بەشێک لە هاووڵاتیانی کورد ەەخنەیان لەو بڕیارە گرت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە فێرکردنی زمانی کوردی بە تەنیا بە ئاستی مافێکی نەتەوەیی و زمانەوانی بەرز نابێتەوە و ئەوەی پێویستە دانپێدانانی زمانی کوردییە وەک زمانێکی ەەسمی نێک وەک زمانێکی نیشتمانی بخوێنرێتەوە، بەتایبەتیش لە ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانی مێژوویی کورد پێکدەهێنن. پێموایە ئەم داخوازییەی کورد ەەوایە، مافی گەلان بە زمانەکەیان نابێت تەنها لە خوێندنی ئیختیاری یان قۆناغێکی سنووردار بێت. بەڵام ئەو پرسیارەی ئەمە دەبێت لە خەمانی بکەین ئەویش ئەوەیە ئایا پێویستە ئەم هەنگاوە مێژوویییە ەەت بکەینەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کەتایی ەەگەکە نییە؟

بەڵای من نەخێر. هەنانە ناوەوەی زمانی کوردی بە ناو خوێندنگەکانی ەەژاوای کوردستان لە ەەگەی بڕیارێکی فەرمی کە لە لایەن وەزارەتی

پەروەردەی سووریاوە، گۆڕانکارییەکی بەرچاوە لە مێژووییەکی دوور و درێژی ئینکاری و پەراوێزخستن. لە ڕووی سیاسییەوە ناژیرانە دەبێت کە بەهای ئەم هەنگاوە کەم بکەینەوە تەنها لەبەر ئەوەی هەموو داواکارییەکانی کوردی بەدی نەهێناوە. دەیان ساڵە کورد لە سوریا لەژێر سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەدا دەژین، کە بەشێکی بنەڕەتی لە ناسنامە و کەلتوور و زمانییان ڕەتکراوەتەوە. ئەوان تووشی ستەم و هەڵاواردن هاتوون، سیاسەتگەلێک کە بوونی زمان و ناسنامەی کوردی لە کایەی گشتیدا لاواز کردبوو. لە هەندێک کاتدا کارەساتێکە گەیشتە ئەو ئاستەی کە نەوەکان لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بە ترس و فڕبوون زمانەکەیان زەوت بکرێت. بەیە ئەمڕۆ ناساندنی زمانی کوردی هەڵگری بەهایەکە کە لە وردەکارییەکانی میتۆد و شێوازی وانەگوتنەوەدا تێدەپەڕێت. دانپێدانانە بەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی زیندووە، و ئاخۆرانی ئەو هاووڵاتیانەن کە مافی ئەویان هەیە منداڵەکانیان لە ناو خوێندنگەکانی سوریا گوێیان لە ئاوازی زمانەکەیان بێت، نێک لە پەراوێزدا و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بن. لێرەدا دەبێت ڕوونتر بین: ستایشکردنی بەیارەکە بە واتای وازهێنان لە داخوازییەکانی دیکەی کورد نییە. دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتایەکی باشە بە ئەم هەنگاوە، لە هەمانکاتدا دان بەوەدا بنێین کە گشتەکە کەتایی نەهاتووە، دەتوانین پشتیوانی لە فڕکردنی زمانی کوردی بکەین لە هەمانکاتدا داوای مافی زیاتری زمانەوانی و کەلتووری بکەین. دەتوانین ئەو بەیارە بە خاڵی دەستپێک بزانین و داوا بکەین کە ئەم سەرەتایە پڕە بسەنێت بە دانپێدانانێکی دەستووری ڕوونتر بە مافەکانی هەموو گەلی کوردی ڕۆژاوا، لە پێش هەموویانەوە مافی کورد بە زمان و ناسنامەو کەلتوورەکەی، و زامنی پێگەی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، لە چوارچێوەیەکی دەستووری و ئیداریدا کە مافەکانی هەموو سوورییەکان مسۆگەر بکات بەبێ ئەوەی کەمێک لە مافی هەر گروپێکی تر، ئەمانە دژایەتی نین، بەڵکو سیاسەتی پێگەیشتوو ناچارمان ناکات لە نێوان دانپێدانان بەو شتەی بەدەست هاتوون و داوای ئەوەی هێشتا بەدەست نەهاتوون هەڵبژێرین.

کوردی ڕۆژاوا بە درێژایی مێژووی سوریا باجی قورسیان داوە، لەپێناو ئازادی و دادپەروەری گیانیان کردە قوربانی، و بەرگەی ساڵانێک لە ستەم و هەڵاواردنیان گرت و باجی ستەمکارییان داوە، لەگەڵ ئەو سەختییەی ژیان کە ناسنامە و زمان و بوونی کولتووریان کردە ئامانج. بەیە ئەم قۆناغە نوێیە پێویستی بە گوتارێکی سیاسی جیاواز هەیە. نامانەوێت مافی زمان ببێتە مایەی ململانێی نێوان سووریەکان. کورد دەیەوێت زمانی کوردی ببێتە بەشێکی سروشتی

سوریای نوێ، هەروەک چۆن دەیووت زمانی عەرەبی زمانی یەکگرتووی دەوڵەت بێت و مافی هەموو پێکهاتەکانی سوریا بێت جیاوازی پارێزراو بێت. زمان دیواری نێوان مرۆڤەکان نییە؛ زمان پردێکە بۆ شکڵی مرۆڤ، دانان بە زمانی کوردی، عەرەبێک کەم ناکاتەوە، هەروەک چۆن دانان بە زمانی عەرەبی، کوردێک کەم ناکاتەوە. دەوڵەتێک کە ڕێز لە فرەچەشنی زمانەوانی و کولتووری خۆی بگرێت، لاوازتر نابێت، بەڵکو زیاتر متمانە بەخۆی دەکات و باشتر ئامێزی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان دەکاتەوە.

لێرەوە ئەرکی ئەمڕۆی کوردی ڕۆژاوا هەر تەنها ئاهەنگگێڕان نییە بۆ بەیارەکە، نە هەڵشکردنە سەری، بەڵکو کارکردنە بۆ سەرکەوتنی. پێویستە داوای مامۆستایانی شارەزا، و میتۆدی کوالیتی بەرز، کتێبی خوێندن، ئاهەنگان، ژینگەیەکی گونجاوی فێربوون و چاودێری جێبەجێکردنیان بکەن. چونکە مافەکان تەنیا بە دەرکردنی فەرمان نابنە واقیع؛ مافەکان پێویستیان بە دامەزراوە هەیە بۆ پاراستنیان، خوێندنگە بۆ جێبەجێکردنیان، کۆمەڵگەیەک کە بزانێت چۆن بیانپارێزێت. هەروەها ئەمڕۆ کورد بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لە ئەستۆدایە. ئەگەر دەیانەوێت زمانی کوردی لە پەروەردە و کارگێڕی و کۆمەڵگەدا ئامادەییەکی بەهێزی هەبێت، پێویستە کار بۆ پەرەپێدانی، ئاهەنگانی کارمەندکانی، بەرهەمهێنانی کتێب و پرۆگرامی خوێندن، هاندانی منداڵان و لاوان بۆ فێربوونی و لە داخوازییەکانی بگەیەن بۆ پێژنەکی هەمەلایەنەی فەرهەنگی و پەروەردەیی.

ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی ئەوە بووین کە زمانی کوردی بە فەرمی بخرێتە ناو قوتابخانەکانی سوریاوە. با وەک شایەنی خۆی سەیری ئەم ساتەوەختە بکەین.ئەمە کۆتایی نییە، بەڵکو بەرام بە دەنیایییەوە هەنگاوێکی زوو تێپەڕ نییە. هەنگاوێکی مێژوویی دوای دەیان ساڵ کە زمانی کوردی لەو پێگەیەی کە شایەنیەتی بەهرەمەند نەبوو. بۆیە گرنگە کورد پشوازی لێ بکەن، کاربکەین بۆ دەنیابوون لە سەرکەوتنەکەی. لەهەمانکاتدا پابەندی تەواوی مافەکانی خەیان ببنەوە بە مافی کورد بە ئەوەی زمانەکەیان بەشێکی دانەبڕاو بێت لە پێکهاتەی دەستووری و ئیداری سوریای نوێ، هەروەها بە مافی ناوچە کوردییەکان کە پێگەی فەرمییان هەبێت بە زمانی کوردی کە ڕێنگدانەوەی تایبەتمەندییە دیمۆگرافی و مێژوویی ناوازەکانیان بێت.

کورد زمانێکی ناوێت کە تەنیا ڕێگەپێدراو بێت؛ ئەوان زمانێکیان دەوێت کە ڕێزی لێ بگیرێت. مافێکی کاتیمان ناوێت؛ مافێکی هەمیشەییمان دەوێت، کە لە دەستوورداببچەسپێت. جیاوازییەکی بەرچاو

هەیە لە نێوان تێکردنەوەی هەنگاوێک چونکە نەگەیشتووەتە ئەنجام و پێژراندنی وەک سەرەتایەک و بەردەوامبوون لە تێگاکەدا. با ئێوەی بەدەست هاتوو بە جددی وەربگرین و بە بەردەوامی داوای ئێوەی دەمێنێتەوە. مافەکان لە یادەوەریدا پارچە پارچە نین، بەڵکو لە سیاسەتدا بنیات نراون، ئەستا زانکەی تێژاڤا لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ ئێو بەیارانە دەکات کە لەم دواییانەدا وەزارەتی پەروەردەی سوریا سەبارەت بە کەمکردنەوەی وانەکانی زمانی کوردی بۆ سێ وانە لە هەفتەیەکدا دراون. لەم چوارچێوەیەدا زانکە لە تێگەی هێسێنگاندنی ئەکادیمی و پەروەردەیی خێێوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم پێوەرە پاشکشەیە لە مەدلێلی پەروەردەیی وەرگیراو، هەنگاوێکە بۆ دواوە کە تێگری دەکات لە گەشەسەندنی بەردەوامی سیستەمی پەروەردە لە ساڵانی ئابردووەدا لە تێژاوای کوردستاندا.
لە ماوەی ١٢ ساڵی ئابردووەدا، تاقیکردنەوەیەکی زانستی و مەیدانی گشتگیر لە تێژاڤا/باکور و تێژهەڵاتی سوریا ئەنجامدرا، کە تێیدا سیستەمێکی پەروەردەیی گشتگیر دامەزرا و زمانی کوردی وەک زمانی سەرەکی پەروەردە و تەوژینەوە لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا ناسێندرا. ئیتر بەکارهێنانی زمانی دایک تەنیا لە بەشی ئەدەبی و زانستە مرۆییەکاندا سنووردار نەبووە، بەڵکو فێرکردنی هەموو بوارە زانستی و پزیشکی و کارپێکراوەکان – وەک بیرکاری و فیزیا و کیمیا و ئەندازیاری- بە پێی پڕۆگرامە زانستییەکان و ستانداردە پێشکەوتووەکانی ئەکادیمی لەخۆگرتبوو. جیاکردنەوە و سنووردارکردنی زمانی فێرکردن بە سێ وانەی هەفتانە و مانەوەی وەک پێکهاتەیەکی زمانی لاوەکی، لەبری ئێوەی ببێتە بنەمای سەرەکی بۆ گوتنەوەی بابەتەکانی زانستی، لەکەوتەی نەرێنی پەروەردەیی و ئەکادیمی هەیە، وەک:

- کەمکردنەوەی توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەی خوێندکارانی کورد بۆ دابەینی لە ژینگە زمانەوانییەکەی کە زیاتر لە 12 ساڵە وەبەرهێنانی زانستییان تێدا کردووە.
- وازهێنان لە ژێرخانی ئەکادیمی و دەستکەوتەکان کە لە تێگەی هەوە و سەرچاوەکانی پەروەردە لە ماوەی تەواوی ١٢ ساڵدا بنیاتنراون و پەرەیان پێدراوە.
- پشتگوێخستنی پێوەر و بەڵکەوتنە نێودەوڵەتییە پەروەردەییەکان کە جەخت لەسەر ئێوە دەکەنەوە کە پەروەردە بە زمانی دایکی فاکتەری سەرەکییە بۆ دەستبەرکردنی کوالیتی پەروەردە و جێبەجێکردنی داهێنان و بیرکردنەوەیەکی تێخنەگرانە.

ڕاستکردنەوەی هەڵەوی پەروەردەیی باشترین چارەسەری ئەکادیمی لە سنووردارکردنی زمانێک نییە لەسەر حیسابی زمانێکی دیکە، بەڵکو لە ئۆگاری وەرگرتنی مەدلی خوێندنی دوو زمانداید. ئەمەش مەدلێکی زانستییە و لەسەر ئاستی جیهانی جێبەجێ دەکرێت. دەرفەت دەخسێنێت بۆ فێرکردنی زانست و بابەتکانی سەرەکی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شانبەشانی یەکتر، بۆ شێوەیەک کە پاراستنی مافی زمانەوانی و کولتوورییەکانی خوێندکاران مسۆگەر بکات، توانای زانستی و پێوەندی کردنیان بەرز بکاتەوە، هەڕەشەها پردی یەکەیزی ئەکادیمی و نەتەوەیی لە بەری سیاسەتی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن دروست دەکات.
مافی خوێندن بە زمانی دایک لە لقە جیاجیاکانی زانست و زانستدا مافێکی ئەکادیمی و مرۆڤە و لە ستاندارد و هەڵکەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا پارێزراوە، هەڕەشەها ئامرازێکی سەرکییە بۆ دەستبەرکردنی سەقامگیریی پرسەی خوێندن و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی. جگە لەوەش بە بنیاتنانی سیستەمێکی پەروەردەیی گشتگیر و بەردەوام، پێویستە فرەزمانەوانی بەهێز بکرێت و بەرنامەی پەروەردەیی گشتگیر بگیرێتەبەر، لە بەری جێبەجێکردنی سیاسەتی سنووردارکردن و پەراوێزخستن
لەسەر ئەم بنەمایە، زانکۆی هەژاڤا داوا لەلایەنە پێوەندیدارەکان دەکات کە چاو بەو بڕیارە بخشێننەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە سنووردارکردنی بازنەی خوێندن بە زمانی کوردی، هەڕەشەها کاریگەر بە پاراستن و پەرەپێدانی ئاستی ئەکادیمی و پڕۆگرامە زانستییە گشتگیرەکان کە لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا بە زمانی کوردی دەگوترێنەوە – لەوانەش هەڵگە خۆشکردن بە پەرەپێدانی مەدلی پەروەردەی دوو زمانەیی بەردەوام بە مەبەستی دڵنیابوون لە داهاتووی خوێندکاران و پاراستنی کوالیتی سیستەمی پەروەردە. ئەگینا بە شێوەیەکی کە بڕیاری لەسەر دراوە لە هەفتەیەکدا سەوانە بخوێنرێت، پاشکشەیەکی گەورەیە لە خۆن و خواستی گەلەکەمان لە هەژاوای نیشتمان.

فەرەیدوون سامان

ڕەخنەی شیعریی: ئیستاتیکای زمانی شیعر.. سەران محەمەد

وەك چۆن شیعری ڕۆمانتیکی و ڕەمزیی، دەرچوون بوون لە قالبی شیعری باو، هەر ئەوەش ووی دا لەگەڵ پەخشانە شیعردا، کاتێك شاعیران لەهەوڵی یاخیبووندا بوون لە هەموو دەسەڵاتێکی شوێ، کە لەمپەربوو لە بەکارهێنانی زمانی تاکەکەسی، تا چیدی ملکەچی ئەو چوارچێوە ئامادانە نەبن کە دەبوو زاراوەو هەستەکانی تێدا دابڕێژرایە.
لە ڕاستیدا پەخشانە شیعر مانای دەرچوون نییە لە هونەرەکانی شیعر، بە بیانوی داهێنان و ئازادبوون، بەڵکو لەویشدا کورتبڕی و چڕبوونەوەو یەکێتی بابەت و ڕەوانبێژی پێویستەو دەبێت ئامادەییان لە دەقدا هەبێت، تا بڕهەمێکی باشمان بەرهەم بێت. گەر نا تێنیا مانا دەبێتە چەق و دەنگ و مۆسیقا پاش دەکەون، هێستە تیایدا جێی وەزن وکێشە شیعرییەکان دەگرێتەوە.
کەواتە شیعر بەهەموو جۆرەکانییەوە کاتێك بوونی دەبێت کە ئیرادەی داهێنان و ئاگاهی، بوونیان هەبێت. وەك ئەوەی (ماکس جاکوب) جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە لەڕدا هونەر: ئیرادەی دەربڕینە کە لە قووڵایی خودەوە سەرچاوە دەگرێت، بە شێوەیەکی تەکمەو پوخت.
کاتێك شیعر لە دەست ڕەساکانی کلاسیك دەرهێنرا، ئیدی تەکڕەبوونەکی زۆر لە نەوان دەقی باش و خراپدا دروست بوو، چونکە ئەو پەوڕانەی ڕوون و ئاشکرابوون کە شیعری کلاسیکی لەسەر دەهێنرانەوەو پە هەڕەسەنگێنران بۆو کاڕبوونەوە و بایخ پێنەدان چوون و زیاتر بڕهەمە شیعرییەکان پشتی بە دیدو سەلیقەو مەعریفەی شاعیرو ماناکان دەبەست، ئیتر لێرەوە گۆڕاوێك دەخولقێت و ڕەسەن و نارەسەن بە ئاسانی بە هەمووان لێك جیاناکرێتەوە.
جێی ئاماژەشە کاتێك ئارتەر ڕامبۆی قەلەندەر ئەو ڕێچکەی شکاند، هەر بەو سیفەتە بوو کە شیعر پێویست بکات بە گۆڕان بە دوای نەزانراوەدا و زیاتر بڕەو متافیزیکا پەلکێشی بکات، وەك لەوەی تێنیا بە شێوەیەکی هونەریی دابڕژرێت، وەڵای ئەوەی خێی بووە سەرمەشقی ئەوەی کە پەخشانە شیعر گەشە بسەنێت و بە ڕەسەنایەتی و تەکنیکی ناوازەوە کامڵی بکات.
ڕەخنەنووس برونە لاتەر لە ڕەخنەی بنەماکانی تازەگەریدا شتێك لە

وەهم و ووتکردنەوە دەداتە پاڵ ئەو هەوڵانەی لەژێر ئەم ناوەدا دەدرێن، بەمانای ئامرازکانی دامەزێنی ئەو ماسکانەی کە بە ستراتیژی سەرکی بەخنەی تازەگەریی لەقەڵەم دەردەن، بۆیە ئەو دەنووسێت: "هەمەچینی ماسکەکان ئەرکی پێرەزو ڕاستەقینەی تازەگەرییە، بوونی پاشخانی ڕاستەقینەو تەواو لەگەڵ بەشنبیریی ساختەدا لەك جیا بکرێتەوە. لەبری ئەوەی تەماشای دەقەکی ئەدەبی بکەین وەك هەکاری شاردنەوەی بەرژەوەندی چینەك یان سیاسەتەك، با تەماشای بونیادی سەرکی بکەین کە لەسەر چەند کۆدێکی ئاست جیاواز پێکهاتووە، لەوانە: زمان، نووسەر، تەکنیك، دەزگای ئەدەبی، جەماوەر"..

بەڵێ، لە پێناسەی شیعردا زەر وتراوە، لەوانە: "ئەو ئەدەبیە کە ئاگاهی ئەندێشەکردنەکی چڕ لە خۆ دەگرێت سەبارەت ئەزموونەکی دیاری کراو، یان پەرچەکردارەکی هەستەکی یان سەزردارییە لە ڕۆگای زمانەکی پوخت و بژاردەوە لە هەموو ڕووکانی ماناو زاراوەو ئەقاعەوە پێکدێت".

هەروەها ئەندێشەکردن کە پنتەکی سەرکی شیعر داگیردەکات، بریتییە لە توانای ئەقڵ لە ئامادەکردنی وێنەی زیهنی و مانای تازەدا، کە پێشتر بوونیان نەبوو بێت لەواقیعی هەستەکیدا، ئەمێش کاریگەریی لەسەر وەرگر دروست دەکات و هەستەکانی دەخرێشنێت و کاردانەوەی تیادا فەراهەم دێنێت، دادەنرێت بە بنەمایەکی سەرکی نووسینی شیعر، کە سنووری واقیع دەبڕێت بەرەو جیهانگەلێکی نوێ لە ماناو هونەردا.

ئیبن سینای شاعیرو فەیلەسوف ئەندێشەکردن بە سیمایەکی تایبەت دادەنێت کە شیعری پێ لە پەخشان جیادەکاتەوە، لەڕەدا بواری ڕاستی و درۆیی تێدا جیا ناکرێتەوە، چونکە خولگە سەرکییەکەی زمانە لە ڕووی خەیاڵ و ئەندێشەکردنەوە کارا دەبێت، نەك بە باری واقیع و ژیانی ڕاستەقینەدا شۆبێتەوە، هەروا سەبارەت پێناسەی خەیاڵکردن گوتراوە: "ئەندێشەکردن شتگەلێکە لە دەروون و ناخدا ، ئەو شتەی کە خەیاڵی تێدا کراوە، بوارەکی فەنتازییەو دروستکراوەو پێشتر بوونی لە زیهندا نەبووە".

ئەرستۆ وای دەبینێ کە ئەندێشەکردن (فەنتازیا)جۆرەکە لە جووڵە لە زیهنی مرۆڤدا و بەرانبەریشی دنیای هەستەکییە، بگرە زانای زمان و وێژە (جورجانی) وای دەبینێت مانا ئەقڵییەکان لە کرەکی شیعردا نین، هەرچەندە پێشاکی شیعریش لەبەر بکەن، هەرچەندە ئەو لە ڕێ و بایەخیان کەم ناکاتەوە لە ڕووە جیاوازە هەزری و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانەوە هتد.... لەهەمان کاتیشدا دەبینین لەنۆو ڕەخنەگرە گەنجەکاندا، بەڕێز بەند باجەلان دەنووسێت: "من و (سەران ئازاد) لە

پێشەوەی ئەو هەخنەگرانەین، لە ڕوانگەی فیکرەوە قسە لەسەر ئەدەبیات دەکەین"- ئەمە لەو لەو چاوپکەوتنەی لەژێر ناوی (پێویستمان بە کەسانکە بتوانن بە قوڵایی ههستیارەوە بخوێنن شیعر) لە بەشی شیعروگفتوگۆدا لە ماڵپەڕی شیعریی (تەم)دا بڵاوکراوەتەوە و چاوپکەوتنکە لە سازدانی: حەمە هیوایە.

هەرچی زانای زمان و وێژەناس (مەرزوقی)یە، بنەماو کۆمەکە سەرکیەکانی شیعر بە حەوت دانە دیزبەند دەکات، کە دووانیان باس لە کێش و سەروا دەکەن و زیاتر تایبەتن بە شیعری کلاسیکەوە، هەرچەندە بەڵادیلك دەبەت لەدەق مەدەرنکانیشدا بوونیان هەبن، بەڵام پێنجکەی تر دەبەت کەم تا زۆر لە هەموو بارهەمکی شیعریدا هەبن تا بە شیعر ناوببرێن:

١- مانای باڵا و دروست.

٢- هێزی زاراوەو پتەویی و ناوازەیی و گونجانی لەگەڵ مانادا.

٣- پێکان لەوسفدا، بەشوەیکی دروست و وردو ڕاستگۆ و گونجاو لەگەڵ ئاوەژی وەسف دەکرێت.

٤- لێکنزیکی لە شوبهاندندا: بەوەی گونجان لەنێوان لێکچوو و لێوچوو دا هەبەت.

٥- گونجاندنی خوازەر لەگەڵ خوازراودا هەبەت، واتا بوونی هەماهەنگی لەنێواندا.

جا ئەگەر بین ئەم سیما سەرکیانەی کە شیعری پێ دەناسرێتەوە بهاورد بکەین بەو دەقانەی ئەمڕۆ بە ناوی شیعرەوە بڵاودەبنەوە، دەبینین دووریەکی بە هامتا هەیە لە نێواندا، لەوێاندا هونەرو هەستایەتی پەیڕەو دەکراو چێژی دەبەخشی، لەمیاندا سادەبوونەوەی زمان تا ئاستی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بەدی دەکرێت، ئیدی لە لایەکەی دیکەوە هەندك دەڵێن: خوێنەر حەقیەتی لە خوێندنەوەی شیعری سەردەم بتەرێت (بە باش و خراپکەیەوە)، چونکە لای ئاستەم دەبەت لێکیان جیابکاتەوەو بتایبەتی کە هەڵە نەوان ئەو دوو جەرەش ئاشکراو بەرچاو نیە، تەنانەت دەشگوترێت لە ئەدەبی پاش مەدەرندا هەڵە نەوان ژانرە ئەدەبیەکانیش کاڵبووەتەوەو بێکداچوون؛ وەك پێوەندی نەوان پەخشان و چیرۆك و شیعرو ڕۆمان و تەنانەت شیوەکاریی..تاد.

- بیردۆزی نەزمی جورجانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دانانی وشە لە شوێنی تەواوی خۆیدا بە هەنانەدی ئەرکە دەلالیەکی لە سیاقکیدا دەنێتەدی. زۆر خاڵ هەن دەبەت لەم پەناوەدا ڕاچاو و پێداگرین وەك: دانان و تەبایی وشە وماناکی،

ھەڵچاوکردنی ھەوانبژی (وتەی ھەوان و کاریگەر) بەنموونە: لەکچوون تەشبیھ، خوازەو سێ جۆرەکەی، درکە، جوانکاری، دژیەك، ھەگبەزدەزی، کۆرتبڕی. شێوەنگێڕەکەی وشە (پێش و پاشخستنی) کە چۆن کاریگەریی لەسەر مانا دروست دەکات، لابردنی وشە، جیاکردنەوەو لەکدان، ناسراوو نەناسراو، زانینی بەکارھێنانی ھەزمان.... ھتد، ئەمانە ئەرکی شاعیرە کە ئاگاھی ھەبێت سەبارەتیان.

لە ڕاستیدا لە پێناسەی ھەر ئەدەبێکی باشدا گوتراوە: "بەکارھێنانی نموونەیی تایبەتمەندیەکانی مادە سەرەتاییەکەیەتی". جا ماددەی سەرەتایی شیعریش زمانە، کەواتە شاعیر دەبێت بزانێت چۆن بە شێوەیەکی ھونەرییانە بەکاری بھێنێت.

ھەروەھا تێنتاوی دەڵێت: شیعری ڕاستەقینە ئەوەیە کە ھەستەکان دەھەژێنێت و ھەژان و ساکان لە ناخدا دروست دەکات.

بەم جۆرە لای تایبەتمەندەکانی شیعر دەق لە چوار ڕووەوە ڕوانینی بۆ دەکرێت:

١- بازنەکانی دەلالەت٢- ئاستی ئیقاع٣- وێنەی شیعری٤- شێوازی ھەنینەوەی دەق(ستایل).

چەند نموونەیەکی پراکتیکی:

بە زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، جێی خۆیەتی لێرەدا چەند نموونەیەك بھێنینەوە لە شیعرەکانی تەیب قادر کە دەنگێکی دیاری شاعیرانی نەوەی پاش ڕاپەڕینی باشوورەو سەرپەرشتیاری وێبگەی شیعریی تەم، کە دەنیام ئەو ھەمیشە سنگی فراوان بووە بە ھەموو تێبینی و سەرنجێك کە لەسەر بەرھەمەکانی بنووسرێن، ئەمەش ھەکارە بە ئەوەی لەم لەکێنەوەیەدا سوودیان لە بۆچوونەکانیان وەربگرم و بە دەوڵەمەندکردنی گوتارەکە و وەك نموونە بیانھێنمەوە.

١- ئاستی بەکارھێنانی زمان:

وەکو پێشتر گوتمان مافپەدانی تەواو بە ھەر ھونەرێك بریتییە لە بەکارھێنانی نموونەیی تایبەتمەندیەکانی مادە سەرەتاییەکەی، جا لەباری شیعردا ماددە سەرەتاییەکەی شیعر بریتییە لە زاراوەو زمان، بە ڕێچوون و قووبوونەوە بەو خاڵانەی پێشوودا، دەفامینەوە کە دەبێت شاعیر فەرھەنگێکی شیعریی لادروست ببێت و بە تێگەیشتن لە زانستەکانی ڕوانبژی و شارەزا بوون لە بنەماکانی ڕەزمان بتوانێت ئەو بەھرەیەی ھەیەتی لە قاڵبی شیعرەکی سەرکەوتوودا دایبەژێت، ھەر ئەو

خانەشن کە شیعر لە ناشیعر یان وەك دەگوترێت (شیعر لە میعر) جیادەکەنەوە. کاری ئەمەش لەڕدا بەیاردان نییە لەسەر باشی و خراپی دەق، یان کاریگەریی و بایەی مانا تیایاندا، بەڵکو ئەمە لە بواری هونەرییەوە تەماشای دەق دەکەین و دەمانەوێت بە دوای ڕێگەزە شیعرییەکاندا بگەڕێین مادام لەڕدا قسەمان لەسەر شیعرە، ئەمە قسە لەسەر هونەری شیعر دەکەین و هەر لەو ڕووەوە تێبینیەکان دەنووسین، وەکو تر زەر شیعری سادەش لەماندا بوونیان هەیە، وتوێژی ئاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەردا دەکەن و ڕەنگە هەوادارەکی زەریشیان هەبێت، بەڵام لە لایەنی هونەرییەوە بە شێوەیەکی ئەوتە پێنەگەیون و بایەخێکی ئەوتەی هونەریان نییە.
ڕەخنەنووس ئەحمەدی مەلا لەمبارەوە دەنووسێت: "شیعری ئاسان و زەحمەت نییە، بەڵکو تا چەند زمان بارگاویەیە بە شیعر؟".
شیعر بە ئەوە نانووسرێت کە خوێنەرەکی دیاریکراو لە پێیامەکەی بگات، چونکە دەرهێنانی پێیام لە شیعردا کارەکی زەر سەختە، چونکە، شیعریێت ئاوێتەی "پێیام" بووە، هەر کاتێك توانیمان پێیام لە دەق جیا بکەینەوە، واتە، دەقی دیاریکراو بە کەمترین تەزووی شیعریی بارگاوی بووە... شیعر بە تێگەیشتن نییە! ئەی بەچییە؟ بە ئەوەیە ئەمە لە ناو شیعرەکەدا بژین..
لەڕدا گەر نموونەیەك بهێنینەوە لە بەرهەمەکانی تەیب قادر ئەوا دەبینین لە شیعری (بانك) دا دەنووسێت:

(کوڵەك پێویستیی بە هەندێك خەرجکەر هەیە
تا بچێت خشۆیستەکەی بهێنێتە ماڵەوە
ماڵی نییە
ئەگەر ماڵی هەبوایە،
خشۆستەکەی لەلای دەبوو و
منداڵەکەی لە باوەش دەگرت)

ئەگەر ئەو پرسیارە لەخەمان بکەین کە گوایا لەڕدا تا چەند زمان بارگاویەیە بە شیعر؟ ئایا شێوازی دەربڕین ئاستەوخەیە یان هونەرەکانی ڕەوانبێژی تێدا بەکارهێنراوە؟ ئایا مانا فرە ڕەهەندەو خوێنەر دەساکێنێت؟ یان زەر نزیکە لە دەربڕینی ئاستەوخۆو شێوەیەکی وتاری کەنکرێتییەو تیایدا مانا هەر یەك دیوی هەیە؟ ئایا وێنەی شیعریی تێدایە کە دونیای مەجازو واقیع پێکەوە گرێ بدات؟ ئایا چ جیاوازییەك لە داشتنیدا هەیە لەگەڵ داشتنی کەسێکی ناشاعیر

دربارەی هەمان بابەت کە بریتییە لە (قەیرانی دارایی)؟ ئایا ئەگەر ئەو دەیان ستوونیانە بە ئاسایی بدرێنە پاڵ یەک نابنە پەرەگرافی جوڕێک لە وتار؟ ئایا چەندێک وشەکان ناوازەو شیعریین و هەزوپڕزی تایبەتی خۆیان هەیە کە لە زمانی ڕۆژانە جیای دەکاتەوە؟ ئایا لە ڕووی زاراوەو دروستەو لە لایەنی ڕێزمانەوە هیچی تێدا نییە و چەندان پرسیار تریش.. لە ڕاستیدا هەر ئەم پەوانانەشن کە بەهای هونەریی بە دەقەکان دەدەن. هەر دوور نیین لەڕادا وشەی (خەرجکەر) دەبوو (خەرجیی) بووایە، کە هەیەکی زەقی نادروستی زاراوە بەکارهێنانە، چونکە خەرجکەر واتە کەسی پارە خەرجکە، کە ئەو لێویدا مەبەستی پەیستی بە خەرجییە نەک خەرجکەر.
ئەم وەڵای ئەوەی هەندێکجار شیعر توانای هەڵگرتنی هەندێک بابەتی لە خۆدا نییە، گەر نا، شەفافییەت و وزەی گیانیی تیا نامێنێت، بەتایبەتی گەر تیماکە بابەتی ڕۆژ بێت و قسەی سەرزارو بنزاری خەڵکی بێت، یان بابەتین جوڕێک لە قەیرانی دارایی دروستکراو لە دەقەرەکەدا کە ئەم کاری ڕۆژنامەنووسانە بەدواداچوونی بۆ بکەن، لە کاتێکدا هەندێک بابەت لە شیعردا هەر ئاماژەیەکی پەیستەو گەر شاعیر ڕەبچەت بە زیادەییەکی ئاسایی، ئەوا دەقەکە زۆر سادە دەکاتەوەو ناشبێتە پەیامێکی سەرمەدی و گەردوونی مرۆڤ، ئەمەش کە شیعر بە نەمریی دەهێنێتەوەو وای لەدەکات بە هەموو کات و شوێنێک لەبار بێت و هەر بە نوێیی بمێنێتەوە، یان گەر شاعیر بیەوێت لەو بارەوە شیعرێکی باش بنووسێت دەبیت بە دوای ڕێگای ناراستەوخۆی دەربڕین و هونەریی و ئایدیای نوێدا بگەڕێت، بەڵام گەر مەبەستی گەیاندنی هەواڵێست و پەیامی خێی بێت ئەوا شتێکی تر و ئەم نایخەینە نێو دوتویی لکەینەوەکەمانەوە.
وەکو گوتراوە شیعر سێ هەزی ناوکی پەیستە: هەزی سروشتی شاعیرێتی ناخ، هەزی لێکچووانەن، هەزی ڕاهێنان و ئەزموون، هەرچی ئەوەی سێیەم بە یەکەم و دووەم و نایەتە دی، بەڵام ئەوەی یەکەم و دووەم بە خاڵی سێیەم بەهێزتر و کامڵتر دەبن. بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا شاعیرانی نوێ لانی کەم کتێبێکی ڕەوانبێژییان خوێندووەتەوە؟ بە نموونە وەکو (خۆشخوانی) عەلائەدینی سەججادی؟ گەر لە کتێبفرۆشیەکانیشدا دەستیان نەکەوێت ڕەنگە گەر بگەڕێن بەدوایدا بتوانن بە شێوازی پی دی ئێف دەستی بخەن.
ئەوەی کە لەسەرەوە سەبارەت کەپلەکەی پێشوو گوتمان دەتوانین لەم کەپلەیەی دەقی (موشەك)یشدا بیبینینەوە، کە چەن جارێکی تر زمان سادە دەبێتەوەو هیچ ڕوویەکی مەجاز هەڵناگرێت، ئەو ڕاستەوخۆ پەیامێك بە پێشهاتێکی لەناکاو دڕنووسێت و دووبارە پێنا دەباتەوە بەر کاریگەریی ئەم قەیران و کێشانە لەسەر مرۆڤ و خێشەویستان و

ئەو تیایدا دەنووسێت:
(مووشەک لە شارەکان بەاوەکەنەوە
لەو بینەدا من تیا دەچم
من نامەوێ بمرم،
بە تەمام نامەیەک بنووسم و
بینەرم بە خۆشەویستەکەم)

(ئەو دەیەوێت گەورە بێت و بچێتە زانکۆ و
ببێتە دکتۆر و
ژنێکی دووگیان بێتە لای و ڕزگاری بکات و
منداڵەکەی بخاتە باوەشی..)
بەڵام گەر بینێ سەر پێیام و مانا لە دەقەکەدا دەبینین دەقەکەی دانەر زەر دیدگایەکی مرۆڤدۆستانەی هەیە و داکۆکیکردنە لە مافی ماددی و مەعنەوی هەموو مرۆڤێك و ژیانی بەومەتانە، کە مافە سەرەتاییەکانی بە دابین بکرێت، گوێ لە داواکانی بگیرێت، کە ئەمەش دەکرێت لە پەخشان یان گوتارێکی هزریی و پڕوپاگەندەیی ئامانجی پەیدرێت و زیاتریش لەبارو گونجاوتر دەبێت بۆ ئەو بابەتگەلە نێك شیعر، کە پڕ لە هونەرو ئیستاتیك و ناوازەیی زاراوەو وێنەو هونەرەکانی زمان.
هەروەها لەم دەقەدا بە ڕوونی ئەو مانا باڵایانەی شاعیر ڕاستەوخۆ دەربەینی لەکردوون سەبارەت بە واقیعی دەنگی ئەوی تری ناڕازی و بەبەش و دەنووسێت:
(کەسێک دەیەوێت بڵێت: برسیمە، پێش ئەوەی وشکە تەواو بکات، دەکوژرێت).
بەهەمان شێوە؛ ئەم پێیامە مرۆڤدۆستانە لە کۆتایی ئەم دەقەی تریشدا دەبینینەوە کە چۆن شاعیر بە زمانێکی سادەی بە ڕووش دەربەین لە نەفرەت کردن دەکات دژی جەنگ و کوشتارو زیاتر دەیەوێت هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی خۆی بەیان بکات، وەك لەوەی دەقێکی هونەری شیعریی بئافرێنێت و تازەگەریی لە زاراوەسازی و شێوازی دەربەین بکات تیایداو سیمبۆل و میتافۆری جیاوازو نوێ بەکاربهێنێت، تا بەرگێکی هونەری باڵای نەخشین و ڕازاوە بکاتە بەری دەقەکە، بە وردبوونەوە لە هەموو تۆن و بوونەوەرو پێکهاتە فەرامۆشکراوەکانی گەردوون کە کەرەسەگەلێکی دەوڵەمەندن بۆ ئافراندن. لەم کۆپلەیەدا کەس نکۆی لە جوانی مانا نییە، بەڵام ئەوە کاری هونەری شیعر نییە، کە پەیامێك بە ڕووداوگەلێکی ساتەوەخت بنەرێت و ڕای خۆی بەو

جۆرێ ئاستەوخۆ بنووسێتەوە، بەڵکو زیاتر سیمای وتارەکی ئامیاریی و هزریی لەخۆ دەگرێت و بەرزکردنەوەی ئەم دروشمانەش جێی ستایش و خۆشنودییە، شان بەشانی ئەو هەموو هێپەوانانەی لە شۆڕشەکانی پاریس و لەندەن و مەدریدا ئەنجامی دەدرێن و سەرکەنەی شەڕو کاولکاری تێدا دەکەن و داوای ئاشتی و بەزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن:

(من ئاشتیيم خۆش دەوێت، ئاشتی مرۆڤ
من شەڕم خۆش ناوێت، شەڕ تاریکە)

٢- مەجازو میتافەر:

گەر سەیری خاڵی چوارو پێنجی مەرجە هونەرییەکانی شیعریی سەرەوە بکەین کە مەرزوقی باسی لێوەکردوون و وەکو پێوانەیەك وەریبگرین، ئەوا لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا دەبینین کە گۆرگ و پەپوولە وەك خوازە وەرگیراون بۆ مەبەستی گەیاندنی مانای ناخی شاعیر، بەڵام دەبینین ئەو دووە هیچ نزیکییەك نییە لە نێوانیاندا لە واقیعدا، تا پەکەوە بیانگونجێنین ومانایان لە هەبهەنجین، چونکە گۆرگ تایبەی پەپوولە نییە، هەرچەندە پەپوولە بۆ بچووکی و ناسکی و جوانی وەسف دەکرێت، بەڵام گۆرگ بۆ کەڵەو خۆنەشتن ناسراوەو گەر هیچ نەبوایە شاعیر زاراوە فۆلکلۆرییە کۆنەکە (مەڵ)ی لە جیاتی پەپوولە بەکاربهێنایە ئاستر دەردەکەوت و گونجاوتر دەبوو، لێرەدا نەشازییەکی داوە بە وێنە شیعرییەکە، پاشان لە ڕووی ماناشەوە ئەو هەڵەیەی تێ کەوتووە کە چۆن متمانە بە گۆرگ دەکرێت؟ گەر لە جیاتی گۆرگ بگوترایە ڕەوی زیاتر تێدەچوو، چونکە لە منداڵیەوە بە چیرۆکی مام ڕەوی و مریشکە ڕەشە ئاشنا بووین، پاشان نازانین مەبەستی شاعیر لە گۆرگ و پەپوولە کۆن چونکە هیچ بەخوازراوەك لە ئارادا نییە، ئیدی ئاماژە هەر لە دێی شاعیردا دەمێنێتەوە :

(ئەو کاتەی متمانەم بە گۆرگ کرد
گوتم،
ئاگات لە پەپوولە بێت)

هەروەها نموونەیەکی تریش دەهێنینەوە لە دەقی (دەزانم شەوتان چ ڕەنگێکە) کە تێیدا شاعیر چەند خوازەیەکی بەکارهێناوە، بەڵام وادەردەکەوێت لەگەڵ یەکدا ناگونجێن، چونکە هیچ پێوەستەك نییە لە دنیای واقیعدا وێنەیەکی ئەندێشەئامیزی دروستمان پێ بدات تا بتوانین ئیستاتیك و داهێنان لەو وێنە شیعرییەدا ببینینەوەو ڕووە مەجازییەکەی بخەمڵێنین، ئەمەش ئەو بەشەیە کە مەرزوقی لە خاڵکانی شوبهاندن و خوازەدا ئاگاداری کردووینەتەوە کە نەکەوێنە هەڵەی واوە، ئێگینا ڕەونەقی هونەریی لە دەقی شیعردا بزر دەبێت و چ جار ئامان و ساکان و ڕاچڵەکین لەناخدا بەرپا ناکات و کەمەندکێشی گیان

ناکات بە زمانە هونەرییەکەی، کە دەبێت لە جۆهەرو سیفاتی بوونی شیعردا هەبێت، لەو شیعرەدا ئەو بەنی پیس دەداتە پاڵ گۆڵا، ئەمە هیچ مەجازێکی تێدا نییە، بەڵکو لە واقیعدا گۆڵا دەزێت، کەلاك بەگەن دەبێت. دواتریش پەیوەندی گۆڵاو زاراوەکانی (دووەوویی و سەرسەریی و کەیلە) هیچ هاوبەشی و پەیوەندییەکی مەجازی و حەقیقی پێکەوەیان نابەستێتەوە، جگە لەوەی وشەی زبری دەژانن، ئەو دەنووسێت:

(گۆڵایەکم لە کردەوە بەنی پیس بوو
گۆڵایەکی تریشم لە کردەوە دووەوو بوو
گۆڵایەکی تریشم لە کردەوە سەرسەری بوو
گۆڵایەکی تریشم لە کردەوە کەیلە بوو)

وەڵامی ئەوەی شەوازی دووبارەکردنەوەی لەکردنەوەی گۆڵا لە هەموو دەڤەکاندا، ناشیعریی و لاوازکەرەو هیچ کەکەرەوەیەك لە نێوان خوازرراو و بەخوازراوەکاندا نییە. لەرەدا بە ئەوەی خوێنەر نزیك بکەینەوە لە مەبەستی بابەتەکە دەبێت چەند نموونەیەك لە خوازەی دروست بهێنینەوەو پاشان بەراوردکردنی بەوانەی شاعیر بەکاری هێناون بە خوێنەران جێ دەهێڵین:

- ووەمێت گوڵی ئاڵ: خاڵی هاوبەشی نێوان ووەمێت و گوڵ، ڕەنگی پەمبەیان سوورەکەیەتی کە لەگوڵیشدا هەیەو لە ووەمێتیشدا، ئەمەش وەسفێکی جوانە کە مانا دەڤازێنێتەوەو شەوازێکی هونەریی ناڕاستەوخۆی دەربەینیشە.
- یان کاتێك کەسێك دەڵێت: شەرهات، مانای سیفەتی ئازایەتی خواستووە بە کەسێك، چونکە مرۆڤ نابێتە شەر بە شێوەیەکی بایەلۆژی. بەڵام لە بری ئەوەی بڵێت فەانی ئازاو جوامێر هات دەڵێت: شەر هات.
- هەروەها خواستنی شەوی مانگی یەکشەوە کە دیمەنێکی هەستبزوێنی شاعیرانەیە بە ئەبڕەی یار، نموونەیەکی تری ئەو مەجازە شیعرییە دروستانەیە. گەر شاعیریش نایەوێت بە نموونە ئەو بەکارهاتووانە بەکاربێنێتەوەو بڵێت ئەوانە سواون، ئەوا داهێنانی وێنەی شیعریی نوێی باڵاو سەرکەوتوو هیوای هەموو خوێنەران و عاشقانی شیعری باشە و لەو بوایەدا دەبم شاگەشکە دەبن بە خوێندنەوەیان، هەرچەندە کارێکی ئاسان و سەرپێی نییە.

جارێکی تریش شاعیر، هاوشێوەی ئەو نموونانەی پێشوو، دووبارە دەکاتەوەو لە شیعری (بە سمکە)دا: وشکانی (سەرسەریی دەداتە

پاڵ پەرداخ و قەڵ بە سەراوبن و زبڵ بە سەرخۆش)، لەرەدا خوێنەر لە ڕووی هونەرییەوە بزر دەبێت لە گرێدانی ئەو کەرەسانە بەیەکەوە دەرهێنانی خاڵی پێکەوەبەستنی نەوانیان، جگە لەبازدانەکان و شێوەی گۆڕانەوەو بوارنەبوونی هێناسەی قووڵ و شیعریی لە نێوان کۆپلەکاندا.. بەیە دەتوانرێت بگوترێت دەقی ئاوهاڵە پەڵەکردن و پشوو کورتیی پەیدیارەو وەکو دەڵێن چێشتەکە بەکاوەخۆ نەکوڵاوەو چایەکە وەك پێویست دەمی نەکێشاوە، بەڵام لە ڕووی ماناوە دەزانین کەسی مەدهەش و سەرخۆش بە بایەخ دەبینرێت لە دنیای واقیعدا و وەك زبڵ ڕەنگە تەماشا بکرێت، بەڵام لە ڕووی هونەری مەجازی شیعرەوە هیچ داهێنان و ئیستاتیك و قەشەنگی تێدا نییەو ئایدیاڵیکیان نزیك ناکاتەوە و وێنەیەکی تەکمەی شیعریی نوێی ئیستاتیك ئامێز لە خەناگرێت کە زمانەکی باڵای شیعر بیەازنەنتەوە، جگە لەوەی ئەو زاراوانەش ڕەقن و شیعریی نین، چونکە گرێبگرێنەوە بە مەرجەکانی پێشوو دەبینین لە خاڵی دووداماەرزوقی جێخت لەسەر هەزوپەزی وشەی شیعریی دەکاتەوە.
(بیرتە کە دەمانگوت: ئەو هەموو پەرداخە سەرسەریە، ئەو هەموو قەڵە سەراوبنە، ئەو هەموو زبڵە سەرخۆشە)
لەدوماهیدا دەخوازم بڵێم ئەمانە چەند نمونەیەك بوون بە ئاوەدانەوە لەو دیاردە بەربڵاوەی کە زۆر لە شیعری ئەمڕۆی کوردی گرتووەتەوەو پێویستە بە باشکردنی چۆنیەتیی بەرهەمەکان، شاعیران زیاتر بە ئارامەوە ئەوە بنووسن کە لەناخیاندا هەیەتی و کاتی تەواوی کامڵبوونی پێ بدەن و دوای چەندان جار دوای پێداچوونەوەو نیشاندانی کەسانی بەسەلیقە، کاتێك دنیابوون بەرهەمەکە ئاستی بڵاوکردنەوەی هەیە، ئەنجا ڕەوانەی دنیای خوێنەرانی بکەن.

سەرچاوەو پەراوێز:

1- We have never been Modern Bruno Latour Translated by Cathiren Porter, Harvard University ISBN 9780674948396
2- The Poetry Book, Dk Big Ideas,ISBN 9780241566237, Dorling Kindersley Ltd
3- Figures of Thought, 978-0879232856, What is Poetry author, Howard Nemerov. David R Godine Publisher.
٤- أبو علي أحمد بن محمد بن الحسن المرزوقي، مختارات ابي تمام

الشعرية نظرية عمود الشعر، شرح محمد بن طاهر العاشور دار العربية ٥٦-١٠١.
٥- كتاب الشفاء، المنطق، ابو علي بن حسين بن عبدالله ابن سينا، راجعه وقدم له: د. ابراهيم مدكور.دار الكتاب العربي، القاهرة.
٦-قصيدة النثر من بودلير حتى الوقت الراهن، الجزء الاول. سوزان برنار، ترجمة راوية صادق، دار نشريات ١٩٩٨.
٧- ماڵپەڕی شیعری تەم بەزمانی کوردی، ساڵی ٢٠٢٥.

- تێبینی/ دوای ئەوەی بڕواری لە ١٥/١/٢٠٢٦دا ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتیان دا (بە دوو بەش لە دەرفەتکدا) و تا ئێستا هیچ دیار نەبوو، بۆیە بە پێویستم زانی لەم ماڵپەڕە سەنگینەدا بڵاوی بکەمەوە.

دیوە شاراوەکەی فەیلەسوفان!.. سەدیق سەعید ڕواندزی

ئینگلیزەکان دەڵێن:_(هەموومان وەك مانگ واین، ڕووەکی شاراوەمان هەیە) زۆر جار ئەم ڕووە شاراوەیە دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی و ئیدی حەقیقەتی بوونی مرۆڤ وەك ئەوەی کە هەیە دەردەکەوێت نەك ئەوەی خەی لە بەرگ و ماسکەکی نمایشیدا دەنوێنێت! بەگومان بە کەسانەکی ئاسایی گەر ئەم ڕووە شاراوەیە خاڵك و پەلەیەکی ڕەشیشی تێدا بێت، ڕەنگە ڕەنگی تە بچێت و ئاسایی بێت، بەڵام بە فەیلەسوفان و بیرمەندان نەك هەر ئاسایی نییە، بەڵکو شەرمەزاریی و ڕووڕەشییەکی گەورەی مرۆیی و مێژوویییشە، چونکە فەیلەسوفان کار لە سەر زانستی زانین و فەلسەفە و هوشیارکردنەوەی تاك و داهێنانی هزری و تەزی جیاواز دەکەن. لەو ماوانەی ڕابردووداً، چەندین وتارم لە بارەی هەریەك لە (هایدگەر و نیتشە و فەکە) بەزمانی کوردی خوێندنەوە، چونکە تەنها ئەو زمانە دەزانم. بە ڕاستی زانیاریی وایان تێدا بوو بە من سەیر و نوێ و شکەنربوون، ئاخر ئەو فەیلەسوفانە لای زۆرینەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد، تا ڕادەی پەیامبەرەکی ئایینی پیرۆز کراون و وایان لێهاتووە گەر نووسەرێك لە نووسینەکانیدا

ناویان نەهێنەت، ئەوا بە نەخوێندەوار و بە ئاگا لە دنیای ڕۆشنبیری ناوی دەبرێت، گەر سانا سەد کتێبیش بخوێنتەوە!
ئەوەی ئەمە لە بارەی هایدگەر زانیومانە، تەنها بوون و زمانە، بەڵام ئەم فەیلەسوفە، ڕەوایەتی بە جینەسایدی جوولەکەکان داوە، ئەندامی حزبی ناسیونالستی ئەڵمانی بووە، هەوێداوە پەرەزی نازییەکان پاك بکاتەوە و تا مردووشی ئامادە نەبووە هاوسەزی ئەو تراژیدیایە بێت، کە تا ئێستاش پەیکی گەورەی پێ شەرمەزاریە بە تەوەڵی مرۆڤایەتیدا ! نیتشە دەڵێت:
کە چوویە لای ژنەکێت قامچییەکەت لە بیر نەچێت، باوەڵی بە دەستات و خزمەتکار و ڕەعیەت هەبووە، تەنها فاشیستەکان و کڵێرستەکان سەرسامن بە بیری نیتشە. فەکە، هەمەسەکسوال بووە! بە ماوەی بیست و پێنج ساڵ، گێنجەکی کوێی هاوماڵ کردووە و لەگەڵی ژیاوە، بە دوایدا چێتە جەزائیر، سەرەنجامیش بە نەخۆشی ئایدز مردووە. شۆپنهاوەر، هانی مرۆڤکانی دەدا خۆیان بکوژن و بەردەوام ڕەشبینانە بیری دەکردەوە، کەچی تا ئەو سەری ئاسمان دەستی بە ژیانەوە گرتبوو، ئەمە وەڕای ئەوەی گاڵتە بە ژنان دەکات و بە قازو مراوی دەیانچوێنێت!
ئەم ڕووە شاراوانەی فەیلەسوفان، نەك هەر نەنگییە، بەڵکو خۆیان و فەلسەفەکەشیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئاخر چۆن دەکرێت تۆ فەلسەفە پیشانی مرۆڤایەتی بدەیت، بەڵام بە نەخۆشی ئایدز بمریت، کە هەوومان دەزانین ئەو نەخۆشیە زادەی جۆرەها سەکسی نەشیاوە؟ مارکس، کە بە بڕوای من ناشە ناوی لەگەڵ ئەوانە بهێنرێت، فەلسەفەی مارکسیزمی دانا، کە دیارترین فەلسەفەی خزمەتکردنە بە مرۆڤایەتی بە ئێستاشەوە بڕاورد بە سیستەمی نامرۆیی سەرمایەداری، کەچی کاتێ سڤیەت ڕووخا، تین و توانجی دنیا لە شەشکە و لینین و مارکس دەگیرا و گاڵتە بە کۆمۆنیزم دەکرا، بەڵام هەمان ئەوانەی ڕەخنە لە مارکسیزم دەگرن، سەیر لەوە دایە سەرسامن بە کەسێك کە چاوی لە کوشتنی پێنج ملیۆن مرۆڤی بە تاوان پێشیوە! بە داخەوە ئەوەی تا ئێستا لە ڕەی وەرگەڕانەوە بە ئەمە لە بارەی ئەمانەو دەیانی تر گەیشتووە، هەر تەنها ڕووە ماسکدراوەکەی ئەو فەیلەسوفانە و نموونە گەلەکی دیکەن. بەیە ئەمە پێویستیمان بەویە، زانیاریی نوێ لە بارەی ئەوانە بزانین، زانیارییەك کە بوونیان بە ڕاستەقینەیی دەربخات، ئەمەش بە وەرگێڕانەك دەکرێت، وەرگێڕان وەك ئەمانەت ببینێت، نەك هەوەسی کەسی!

*ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕۆگای کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

نە بۆ شەرم بە نە شەرمن بە.. بەختیار محەمەد

هەبەت شەرمنیی لەگەڵ بۆ شەرمیی جیاوازە: ئەویان نەخشییە، نەخشییەکی دەروونیی و کۆمەڵایەتییە؛ بەڵام ئەمیان جۆرێك لە بۆەوشتییە. هەندێك جار بووك گەمژەییشی لەگەڵدایە. بۆ شەرمیی، بۆ ئابووویی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. کەسی بۆ شەرم شەرم ناکا لە درێیەکانی، لە هەڵەوەییەکانی، لە دزییەکانی..؛ بەڵام کەسی شەرمن، بەپێچەوانەوە، تەنانەت شەرم لە ویستی خۆی و لە کەمترین داخوازی مافی خۆی و لە دەرخستنی سروشتی خودی خۆی دەکا.
کەسی شەرمن زیاد لە پێویست دەچێتەوە ناو خۆی، سیفەتی کیسەڵ و هێلکەشەیتانێکەی (کرمی لوولپێچی) هەیە؛ بەڵام کەسی بۆ شەرم زیاد لە پێویست دەچێتە دەرەوەی سنووری خۆی و دەوروبەرەکەی بە فشەکانی، بە درێیەکانی، بە تاوانەکانی، بە فریودانەکانی، بە مەراییەکانی، بە هەڵپەرستییەکەی... بێزار دەکا؛ کەواتە شەرمنیی و بۆ شەرمیی دوو ئاڕاستەی نەرێنیی پێچەوانەیان هەیە: یەکیان بۆ ناوەوەی خودە و ئەوی دیکەیان بۆ دەرەوەی خودە. یەکەمیان تەنیا زیان بە خود دەگەیەنێ، بەڵام ئەوەی دووەمیان زیان بە خەڵکی دیکە و دەوروبەر و کۆمەڵگە دەگەیەنێ. لەمەوە شەرمنیی خود وەڕان دەکا، بەڵام بۆ شەرمیی بەرژەوەندەکانی ئەوی دیکە و کۆمەڵگە وەڕان دەکا.
شەرمنیی پێچەوانەی بۆ شەرمییە: شەرمنیی شاردنەوەی خودە (خۆشاردنەوەیە)، بەڵام بۆ شەرمیی بەهێزاکردنی خودە. شەرمنیی تاکێك بەرهەم دەهێنێ، کە ناتوانێ (لە دەرەوە) بۆ شەرم بێ؛ بەڵام بۆ شەرمیی تاکێك بەرهەم دەهێنێ، کە لە هەموو شوێنکدا لە لووتکەی بۆ شەرمیدایە (هەبەت بۆ شەرمیی بە مانا بێزارکەرەکەی). واتە شەرمن قەت ناتوانێ بۆ شەرم بێ، هەروەك چۆن بۆ شەرمیش قەت ناتوانێ شەرمن بێ. هەر بۆیەشە مرۆڤی شەرمن دووچاری پەرێزە، بەڵام بۆ شەرم کۆمەڵایەتییە. شەرمن تەنانەت بۆ ئیرادەشە (ئەوە ئەگەر ترسنۆکیش نەبێ). ئەوەتە کەسێکی وەك (فیلیپی سێیەم)، کە لە نێوان ساڵانی 1598 – 1621ز پادشای ئیسپانیا بووە، لەبەر شەرمنیی (وەك هۆکارێکی سەرەکی) نەیتوانیوە فەرمانەوایی وڵاتەکەی بکا و هەموو دەسەڵاتێکی خۆی بەخشیوەتە (جاس) ی دۆکی لێرما: ((بەو پێیەی، کە

شەرمن و کەمدوو و بۆ توانا بووە لە سەرکردایەتیکردنی وڵات، بۆیە هەموو دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوایی خۆی و پێداویستییەکانی بەخشیوە بە فرانشسکۆ جۆزمز دی ساندۆفال، واتە ڕۆجاس، دەکی لۆرما)).(1) ول دیورانت دەشڵێ: ((لویسی سێزدەیەم)) یش کەسێکی ((شەرمن...)) بووە.(2)
بەهەرحاڵ شەرم و شەرمنیی دوو دیاردەی جیاوازن: شەرم بەهایەکی ئەخلاقییە، بەڵام شەرمنیی نەخێشیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە. چۆن؟ بەنموونە: ئەمە شەرم لە کردنی تاوان دەکەین، هەبەت ئەمە شەرمێکی ئەرێنییە؛ بەڵام کە شەرم لە داواکردنی مافی خۆمان دەکەین، ئەمە شەرمێکی نەرێنییە (واتە ئەمە شەرمنییە)؛ بەڵام لەلایەکی دیکەوە بۆ شەرمیی دژی هەموو ئەمانەیە. واتە بۆ شەرمیی نە شەرمە، نە شەرمنییشە، بەکو بۆ شەرمیی بەزاندنی هەموو سنوورێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئەخلاقییە. واتە بۆ شەرمیی – پێ بە پێستی وشەکە - بەهەڵایە: بەهەڵایی – بەتایبەتی – لە قسەکردن و لە هەفتارکردن. گەلێ، کەسی بۆ شەرم دەشڵ هەموو تاوانێك بکا لە پێناو بەرژەوەندەکانی خۆیدا، بەڵام کەسی شەرمن ناتوانێ ئەمە بکا، چونکە کەسێکی بۆ ئیرادە و گۆشەگیر و دوورەپەرێزە، هەر بۆیەشە شەرمنەکان – زۆر بە دەگمەن نەبێ – نابنە تاوانبار، بەڵام هەموو بۆ شەرمەکان دەشڵ ببنە تاوانبار.
کێشەی بۆ شەرمەکان ئەوەیە، کە زۆربەی جار درۆزن، جێی متمانە پێکردن و بڕوا نین، بەرژەوەندخواز و هەلپەرستن، ساختەچی و نمایشکارن، بەڵام شەرمنەکان پێچەوانەی ئەمە: کەسی ڕاستگۆن، جێی متمانە و باوەڕن، بەرژەوەندخواز و هەلپەرست نین، ساختەچی و نمایشکاریش نین؛ کەواتە شەرمن خۆی وڕان دەکا، بۆ شەرمیش ئەوی دیکە وڕان دەکا؛ ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی، کە کەسی شەرمن ناتوانێ داوای مافەکانی خۆی بکا (بەکو مافیشی دەخورێ)، بەڵام کەسی بۆ شەرم نەك هەر داوای مافی خۆی دەکا، بەکو بە تەڵەکەبازیی و درۆ و دەلەسە مافی ئەوانی دیکەش دەخوا و بۆ خۆی گلی دەداتەوە. گرفتی مرۆڤی شەرمن ئەوەیە، کە لە دەرەوەی بازنەی خۆزانەکەی خۆی ناتوانێ داوای کەمترین مافی خۆی بکا، بەڵام بۆ شەرم نەك هەر شەرم ناکا (کە ئەمە شتێکی ئەرێنییە) داوای مافی خۆی بکا، بەکو مافی ئەوانی دیکەش پێشڵ دەکا و دەخوا.
بگومان شەرم سیفەتێکی بۆماوەییشە. واتە لە باوانەوە بۆ کۆرپە و منداڵ دەگوازرێتەوە. هەموومان دەکرێ لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا سەرنجی ئەوە بدەین، کە ئەو خۆزانانەی باوانیان شەرمنن، منداڵەکان، ئەگەر هەموشیان نەبێ، هەندێکیان شەرمن دەردەچن. هەبەتە ئەم بۆماوەییە هەر تەنها بەند نییە بە سیفەتی جینەکانەوە، بەکو بەندە بە پەروەردەیەکی شەرمنیشەوە لە سەر

دەستی دایك و باوكێكی شەرمن (هەبەتە شەرمنیی بە واتا نەرێنیی و ناتەندروستەكەی). ئەمە پشتریش ئاماژەمان بەوە داوە، كە شەرمی ئەرێنیی و تەندروستیشمان هەیە. شەرمی تەندروست سنوور بێ كارە نابەجێ و زێدەییەكانمان دادەنێ، جا لە هەر بوارێكی ژیانماندا بێ. شەرمی تەندروست ئەوەیە، كە لە هەموو كارێكی خراپ دەمانپارێزێ، كەچی هانمان دەدا بێ هەموو كارێكی باش. شەرمی تەندروست (یان ئەرێنیی) شەرمنیی نییە، چونكە شەرمنیی شەرمێكی نەرێنیی و ناتەندروستە: شەرمێكی نەخشانەی وێرانكەرە؛ بەكو شەرمی تەندروست ئەخلاقێكی بەرزی مرۆییە: بەشێكە لە هەموو بەهایەكی چاك. بەنموونە: ئازادی بەبێ بەهای شەرمی ئەرێنی و تەندروست نابێ. هیچ ئازادییەك نییە سنووری شەرمی تەندروستی تێدا نەبێ؛ كە ئەم شەرمە نەبوو، واتە بەهایی هەیە. لێرە شەرم سیستم و ڕێكخستنی هەموو شتێكە. واتە شەرم دژی ئاژاوە و بەهایە. شەرم سیستمە: سیستمی ئازادییە. واتە ئەمە شەرم دەكەین كە دەستدرێژی بكەین، بەنام شەرم ناكەین، كە خۆشەویستی بكەین؛ شەرم دەكەین، كە تێبزگ بین، بەنام شەرم ناكەین، كە لەگەڵ دڵخوازمان سێكس بكەین؛ شەرم دەكەین، كە درۆ بكەین، بەنام شەرم ناكەین كە هەڵە بكەین؛ شەرم دەكەین، كە بێدەنگ بین، بەنام شەرم ناكەین، كە داوای مافی خۆمان بكەین… تاد؛ بۆیە شەرم بكە، بەنام شەرمن مەبە!

پەراوێزەكان:

1- ول ديورانت، قصة الحضارة, ترجمة: فؤاد اندراوس/ محمد علي ابوذرة, المجلد الخامس عشر 29/30، كتاب 29, ص 98.

2- هەمان ژێدەر، ل 240.

بەختیار محەمەد